# ئاوانگاردیسم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

## وتوێژێکی ئەدەبی لە گەڵ شاعیر و نووسەر: حەمەی کەریمی

ئامادە کردنی: عەتا وەلەدی ، سۆران کیانی

**پرسیار:** هەمووبزاڤ و رەوتێکی ئەدەبی،هونەری لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و مێژووییدا سەر هەڵدەدا، ئەو بەستێنە کۆمەڵایەتی و مێژووییەی کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێک لە شیعر کە جیاوازترە لە شیعری باو و پێوەری کوردی کامانەن؟

**وەڵام:** بۆچوونە ناو باسەکەوە رەنگە بەم وتەیەی " فۆکۆ" ( دربارەی مێژووی هونەر و ئەدەب و ئەوەی کە هونەر و ئەدەب، جگە لەو کەیسە گشتییەی کە لە گەڵ بەستێنە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکاندا هەیەتی، بۆ خۆیشیان خاوەنی مێژووییەکی تایبەتن) دەسپێبکەم باشتر بێت. فۆکۆ دەڵێت: مێژووی هونەر و ئەدەبیات بە تەنیا بریتی نیە لەو مێژووەی کە مێژووی کۆمەڵگایە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا بریتیە لە مێژووی خودی هونەر و ئەدەبیش، بەو مانا نووسەر و هونەرمەند بە تەنیا پەیوەست نیە بە مێژووی کۆمەڵگاوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا درێژەپێدەری مێژووییەکیشە بە ناو مێژووی هونەر و ئەدەبیات،بەم باسەوە دەمهەوێ بڵێم هونەر و ئەدەب لە گەڵ ئەوەی لە دیالکتیکێکی هێگلیدا لە پێوەندیی لە گەڵ کۆمەڵگا و بەستێنە سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، لە هەمانکاتدا و هەندێ جار پشت لەو دیالکتیکە دەکات. بەو مانا هونەر و ئەدەب بە گشتی و بزاڤ و رەوتە ئەدبییەکان بە تایبەتی بە نیسبەت بەستێنە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانەوە لە حاڵەتی دیالکتیکدان، بەمەوە زۆر جار هونەر و ئەدەبیات و رەوتە ئەدەبییەکان لە ژێر کاریگەریی بەستێنە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کەش و هەوای سیاسی و فەرهەنگیدا تووشی ئاڵ و گۆڕ دەبن، وەک چۆن لە مێژووی هونەر و ئەدەبدا لە زۆر حاڵەتدا دەبینین هونەر و ئەدەب لە شێوەی قوتابخانە و رەوتە ئەدەبی و هونەرییەکاند بەرانبەر بەو بەستێنانەش پەرچەکردایان نواندوە. بەهەمان شێوەی ئەو بەستێنانە کە لە سەر ئەدەب و هونەر کاریگەرییان دەبێت، ئەدەبیات و هونەریش بە شێوەی تایبەتی خۆیان (

بەوەی کە رەهەندە شاراوەکانی ژیان و ئینسان بە دیاردەخەن و بەرجەستەی دەکەنەوە) لە سەر بەستێنە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان کاریگەرییان هەیە و دەبێت، بە نیسبەت سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شیعری جیاواز یان ئەوەی کە ئێوە دەڵێن جۆرێک لە شیعر کە جیاوازترە لە شیعری باو و پێور، کە من وەک دەرکەوتنی سەرەتاکانی " ئاونگارادیسم" لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا دەیبینم، دەبێ بڵێم دوابەدوای گۆڕانکارییەکانی نیوە و کۆتایی حەفتاکان لە رووی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە کە بە تێکڕا کۆمەڵگای ئێران و ی گرتەوە، دەرەتانێک درووست بوو، کە هەندێ شاعیر و نووسەری ئەوکات لە ژێر کاریگەریی ئەو بەستێنانەدا بە نیسبەت هونەر وئەدەبیاتەوە هەست بە گۆڕانێکی جیدی بکەن، بە مانا " بەدیۆ" بیەکی بەستێنێکی گونجاو بۆ ( ایجاد امکانیت) یان هەمان وەزعیەتی دووەم کە " بەدیۆ" وەک ( روخداد) باسی دەکات، هاتە ئاراوە، لەم نێوانەدا ئێمە لە گەڵ دوو جۆر دەقی شیعردا بەرەوڕوو دەبینەوە، تاقمێک لەو نووسەرانەی کە پێشتر لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیات و شیعری ی و شێعری تەرجەمەی فارسیدا دەیاننووسی و ئاسۆی روانینیان زیاتر گەیشتن بوو بە نووسەران و شاعیرانی دەرکەوتووی ئەو ئەدەبانە، دوابەدوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە باسمانکرد و هەست بە تازەکردنەوەی شیعر و ئەدەبیات و هەوڵدان بۆ پێناسەدارکردنیان بە شێوەی سەربەخۆ و دەبازبوون لە ژێر سێبەری ئەدەبیاتی ی و فارسەکان، لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا (١٣٧٧) ی هەتاوی لە بەیاننامەیەکی ٨ بڕگەییدا بە واژۆی هەندێ لە نووسەران و شاعیرانی ئەو کاتە وەکوو کاک (عەتا نەهایی،حەمە ساڵە سووزەنی، فەرەیدوون ئەرشەدی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، بێهزاد ی، ئازاد رۆستەمی) مانیفێستێکی ئەدەبی، هونەری لە ژێر ناو " داکار" راگەیەندرا. پرۆژەی داکار لە سەرەتادا و بە پێی بەیاننامەکەی پرۆژەیەکی جیاوازی ئەدەبی و هونەری بوو، هاوکات هەڵگری مانیفێستێکی جیاوازیش بوو بە نیسبەت شیعری پێش خۆی، بەڵام داکار بە هۆی قەتیس بوونی لە بازنەی ئەو رۆمانتیسیزمەی کە لە پاش سوارەوە تا سەر خۆیان بەردەوام بوو، کە دەکرێ وەکوو یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش ناوی ببەین، بە بن بست گەیشت، دواتر

هەندێ لە شاعیران و نووسەرانی داکار لەوانە " حەمە ساڵە سووزەنی" کە لە " شێعرەسات" دا تا رادەیەک جیاوازتر دەرکەوت، و " یونس رەزایی" بە بڵاوکردنەوەی چەند دەقێک کە دواتر وەک شیعری " شێت" ناوبرا، بەرێز" رەئوف مەحموود پوور" لە نوێکردنەوەی شیعری " هەورامی" دا و ئیبراهیم ئەحمەدی نیا و بێهزاد یش بە نووسینی چەند شێعرێک دوای غارەتی شەمامە کە ئەو کات لە سیرواندا شیعرەکانیان بڵاودەکردەوە تا رادەیەک تێکەڵ بەو فەزا جیاوازە بوون، هەندێک شاعیری تریش وەک کۆچکردوو " ئەنوەر هوژەبری و مێهران ئەحمەدی" دیسان ئەوانیش خۆیان لەو فەزا جیاوازەدا بینییەوە. بەدەر لە داکارییەکان و هاوکات لە گەڵ بڵاوبوونەوەی چەند دەقی شاعیرانی داکار، ئێمە نەسڵێکی تازە پێگەیشتووی گەنجتر دەبینین کە روانین و پێناسەیەکیتریان هەیە بۆ شیعر و هەڵگری جۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی ئاوانگاردیسمی ئەدەبین بۆ ناو دنیای شیعری نوێی کوردی، پێموایە ( ایجاد امکانیت) و ئەو بەستەرەی کە " ئالن بەدیۆ" بۆ درووستبوونی وەزعیەتی دووەم (روخداد) باسی دەکات بە نیسبەت ئەدەبیات و ژانری شیعرەوە لە دەقی شیعری " تا دڵەڕاکێی کاشی ئاوی بم " ئیبراهیم ئەحمەدی " هەتاو چ بێهوودە گورگێندرا" رەزا عەلی پوور، و چەند دەقی شیعری تر لە " شەهاب شێخی، محەممەد موەفەقی، شاهۆ مەحموودی، کەماڵ ئەمینی ، دانا مەنووچەهەری بەیان عەزیزی ،دواتریش فاتمە فەرهادی و چەند کەسی تر " خۆی بەدیاردەخات.

**پرسیار:** دابەشکردنی شیعری کوردی لە سوارە بەملاوە بە چوار نەسڵی شیعری لە سەر چ بنەمایەک بووە؟" ئایا شیعری جیاواز، بەرەی چوار، نوێترخواز" درێژەی لۆژیکی شیعری کوردی پێش خۆیەتی یان بازدان و لادانێکە لە رێچکەی شێعری کوردی؟

**وەڵام:** ئەڵبەت بەو شێوەیەی کە ئێوە دەڵێن من لە گەڵ چەمکی دابەشکردن بە مانای (تقسیم بندی) و (سهم) پێدان نیم، چونکە هیچ رەوتێکی ئەدەبی یان هونەریی موڵکی تاکە کەس نیە و بە هەوڵ وچالاکی وئەندێشەی چەند کەسی خاوەن دەق درووست دەبێ، بە نیسبەت شیعری ئاوانگاردی هاوچەرخی کوردیش بە هەمان شێوە،

وەک پێشترئاماژەم پێدا لە مەقتەعێکی زەمەنیدا بە هۆی هەندێ بەستێن و هاوکات زەروورەتێکی مێژوویی پەیوەست بە خودی ئەدەب و هونەرەوە ، هەندێ کەس و دەقی جیاواز دەردەکەون بەم تایبەتمەندییەوە کە بەستەرێک بۆ وەزعیەتی دووەم (واتە روخداد) پێکدێنن. بۆیە من ئەساسەن لە گەڵ چەمکی دابەشکردن نیم و شیعری جیاواز و ئاوانگاردی هاوچەرخی کوردی بە عینوانگەلی جیاوازەوە وەک شیعری (زمان، دالگەرا، جیاواز، نوێترخواز، ناشوێن، ئاوانگارد، لادەر و سەیروورەتخواز شیعری شار و رەوتی چوار) لە تەمەللوکی کەسێکی تایبەتدا نابینم ، بەڵکوو جەریان و رەوتێکی سەییالە و لە حاڵی سەیروورەت دایە، ئەڵبەت بێ رەخنەش نیە و دواتر دێمەوە سەری، ئەگەر تۆزێک بە هوشیارییەوە چەمکەکان بە کاربێنین، باشتر وایە لە پۆلێنبەندیی (تەبەقە بەندی) کە چەمکێکی زانستی و بابەتیانەیە، کەڵک وەربگرین. تاکوو دابەشکردن (تقسیم بندی) کە بە جۆرێک (سهم خواهی) و تەمەللوک لە خۆی سوار دەکات. بە هەرحاڵ مەبەستم ئەوەیە پۆلێنبەندیی رەوتە ئەدەبی و هونەرییەکان نەریتێکی ئەدەبی جیهانییە و تەنیا کورد و فارس و ..... نەیانکردوە. ئەمەش دیارە دەبێ رەخنەگرانی ئەدەبی بە خوێندنەوەی دەقەکان و ئاوڕدانەوەیەکی زانستیانە و سەردەمیانە لە دەقەکان ئەم پۆلێنبەندییانە بکەن، هەر چەند لای ئێمە بەدەر لە رەخنەگرانیش خودی شاعیران و نووسەرانیش لەم پۆلێنبەندییانەدا رۆڵیان هەبووە، بۆیە پۆلێنبەندیی شیعری هاوچەرخی ئێمەش لە سوارەوە تاکوو بەرەی چوار بە چوار نەسڵی شیعریی(بە پێی بەستێنە سیاسی و فکریی و کۆمەڵایەتییەکان و بە پێی خوێندنەوەی دەقەکان و ئاوڕدانەوە لە باکگراوەندی دەقەکان بۆ شیعری" نەسڵی سوارە و سوارەیی تا سەر رۆمانتیسیزمی رادیکاڵی جەلال مەلەکشا کە بە تەواوەتی لە رێچکەی سوارە دادەبڕێ و روو دەکاتە شیعری ی و لە سێ کوچکەی شیعری بەرەنگاری " شێرکۆ و لەتیف هەڵمەت و پەشێو" دا دەگیرسێتەوە و نەسڵی بەرنگاریی و خۆڕاگری، نەسڵی سیاسەت بردەیی و ئایدۆلۆژیا، نەسڵی جیاواز و ئاوانگارد") بە پێی ئەو بنەمایەنە بوو کە ئاماژەم پێدا.

ئەوەش کە دەڵێن شیعری بەرەی چوار یان جیاواز و نوێترخواز درێژەی لۆژێکی شیعری پێش خۆیەتی، یان لادان و ترازانێکە لە

شیعری پێش خۆی، دەبێ بڵێم هەم بەڵێ و هەم نەخێر، بەو مانا وڵامێکی پارادۆکسیکاڵ وەردەگرێت، دەبێ بڵێم شیعری رەوتی چوارەم و شیعری جیاواز بە شێوەی نێوان دەقێتی درێژەدەری دەقی پێش خۆیەتی بەڵام بە شێوەی ئاوانگارد دژ بەو لۆژیکە دەجووڵێتەوە، ئەگەر قایل بین بەوەی کە هەموو هەوڵێکی نوێخوازنە و ئاوانگارد بە دابڕان و ترازان لە رابردوو دەستپێدەکات، دیارە بە نیسبەت ئەدەب و هونەریش بە گشتی و بە تایبەتی بە نیسبەت شیعرەوە ئەم دابڕان و پچڕانە رادیکاڵتر بەدیاردەکەوێ، وەک چۆن نوێکردنەوەی شیعر لای نیما لە دوو حاڵەتی گشتیدا سەر دەگرێ، لە لایەکەوە سازدانی دیالکتیکێکی رەخنەگرانە بە نیسبەت شیعری کلاسیکی فارسی و شیعری پێش خۆی، لە لایەکی ترەوە هەڵهاتن لەو پێوەرانەی کە شیعری کلاسیکیان پێکهێنابوو، لێرەدا ئەو هەوڵە نوێخوازنە دەڕواتە نێو کەیسی (نەفی و تەئید) لە لایەکەوە نەفی دەکا و هەڵدێ لە کۆی پێوەرە چەقبەستوو کۆنباوە ئەدەبییەکان، لە لایەکیترەوە جەخت دەکاتەوە لە سەر پێناسە و ئەمرێکی تازەی خۆی، بەمەوە شیعری جیاوازی ئێمەش نەک هەر ناکرێت درێژەی لۆژیکی شیعری پێش خۆی بێت، بەڵکوو دژ بە هەموو ئەو نەزم و لۆژیکەش دەوەستێتەوە کە شیعری پێش خۆی هەڵی گرتبوو هاوکات خۆی پێ ناساندبوو، ئەمەش خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەر ئەمرێکی نوێخوازانەیە لە هەمبەر دەقی رابردوو بە هۆی دەقی رابردووش خۆی پێناسە دەکا (چونکە ئێمە دەرئەنجام هیچ دەقێکی ئەدەبی نابینین بە شێوەی رەها لە دەقی رابردوو دابڕابێت، با لە رووی ساخت و فۆرم و زمانیشەوە بێت کە دادەبڕێ لە دەقی رابردوو بەڵام دواجار و بە شێوەی نێوان دەقێتی هەندێ رەگەز و ئایتمی ئەو دەقە دەهێنێتەوە نێو خۆی) بەو مانا بە لۆژیکی " نەفی و تەئید" دەڕواتە پێشەوە. وەک باسمکرد خاڵی وەرچەرخان و لادان بە دەستهەڵگرتن لە لۆژێکی ئەدەبی رابردوو دەستپێدەکات، پێموایە تەنیا بە مەنتقی دیالکتیک لەم وەزعیەتە تێدەگەین.

**پرسیار:** ئاخۆ شیعری بەرەی چوار بە خوێندنەوەیەکی قووڵ و پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانەی شیعری پێش خۆی دەستی داوەتە گۆڕان؟ یان شێوازی تیۆربردەیی ( تئورزدگی) بووە بە هۆی

سەرهەڵدانی و بە وتەی هەندێ کەس شەپۆلێکی تەمەن کورت بووە و ئێستا لە کەف و کوڵەکەی جارانی کەوتووە؟

**وەڵام:** وەک ئاماژەم پێدا لە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەر جەریان و رەوتێکی ئەدەبی/هونەرییدا کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوەکی دەخاڵەتی راستەوخۆ و نارەستەوخۆیان هەیە، بە نیسبەت "نەسڵی چوار" ی شیعری کوردیشەوە بە هەمان شێوە کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی و دەرەکی لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەم رەوتە شیعرییەدا دەخیل بوون، پێموابێ لە پرسیارە پێشووەکاندا تا رادەیەک ئاماژەم بە هۆکارە دەرەکییەکان وەک بەستێنە کولتووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکریی و بە گشتی گۆڕانکارییە زەروورییەکان بە نیسبەت ئەدەب و شیعرەوە کرد، کە تا چە رادەیەک کاریگەرییان هەبوو لە درووستبوون و دەرکەوتنی رەوتی بەرەو ئاوانگاردیسمی ئەدەبی هاوچەرخ و شیعری جیاوازدا، بۆیە ئیتر ناچمەوە سەری و باسی هۆکارە ناوکییەکان دەکەم، وەک خۆم پێموایە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان و لە هەمانکاتدا گرنگترینیان "زەینییەت و روانین و پێناسەیەکی"جیاوازترە لە شیعر، کە تا رادەیەکی زۆر تەکلیفی شیعری و پێناسەدارکردنی ئەو شیعرەی لە ئەدەبی هەرێمی کوردستان دیاریکرد. پێش دەرکەوتنی ئەم رەوتە، شیعری هاوچەرخی لە نێوان ئەدەبی فارسی و شیعری هەرێمی کوردستاندا لە هاتوو چۆدا بوو، وەک پێشتر باسم کرد، ئەدەبی هەرێمی کوردستان و بە تایبەت شیعری شێرکۆیی و شیعری فارسی سێبەریان خستبووە سەر شیعری و ئاسۆی روانینی هەندێ لە نووسەری دەقەکان نەوەک بە خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە، بەڵکوو بە شێوەیەکی رۆمانتیک گەیشتن بوو بە شاعیرانی دەرکەوتووی ئەدەبی فارسی و شیعری هەرێمی کوردستان ، ئەمەش جۆرێک لە پاشکۆیەتی شیعری ئێرە بە نیسبەت شیعری هەرێمی کوردستانەوە درووست کردبوو، ئەمە لە لایەک، لە لایەکیترەوە ئەم شیعرە بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەڵێن نەک بە هۆی (تیۆریی بردەیی) بیەوە ، بەڵکوو بە زۆری لە رێگای خوێندنەوە و ئاگایی بووە لە ئەدەبی نوێی جیهانی و تیۆرە ئەدەبییەکان سەری هەڵداوە، ئەم شیعرە لە گەڵ ئەوەی کە خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی هەبووە بە نیسبەت ئەدەبی فارسی و شیعری هەرێم، لە هەمانکاتدا لە هەوڵی دەستبەرکردنی ناسنامەیەکی تایبەتیشدا بوو بۆ

شیعری . ئەم ڕەوتە شیعرییە دواتر و لە ڕێگای دەقەکانیەوە بە هۆی دەرخستن و کەشفی زەرفیەت و ئیمکانە زمانییەکان و هەندێ پێشنیاری تازە بۆ شیعری نوێی کوردی وەک ڕەوتێکی( بێ مانیفێست و شیعرێکی زمان تەوەر، ئاوانگارد، ناشوێن و شاری) خۆی بەدیارخست. بە عەکسی ئەو بۆچوونەی کە ئێوە باستان کرد، تا ئێستاش پێموایە ئەم ڕەوتە شیعرییە " نەک هەر ئەوشەپۆلە کورتە نیە کە دەڵێن " بەڵکوو بە پێی مەوجوودیەتی دەق تەنیا ڕەوتێکە زۆرترین دەقی شیعریی (چە وەک کتێب یان بڵاوکردنەوەی دەق لە گۆڤار و حەفتەنامەکاندا) پێشکەشی شیعری هاوچەرخی کوردی کردووە و هەڵگری چەندپێشنیاری تیۆریی و تازە بووە بۆ ناو دنیای شیعری جیاوازی کوردی ، لە هەمانکاتدا یەکێک لە ئلمان و تایبەتمەندییەکانی ئەم شیعرە دژایەتی کردنی کەلان ڕەوایەتە زمانی و واتایی و دیسکۆرسییەکانی ناو جیهانی دەقی پێش خۆی بووە و بەردەوام بووە لە کارکردن بە دوو چەمکی" نەفی و تەئید"(وەک خەسڵەتی دیالکتیکی هەر دەقێکی نوێخواز) و لەو شوێنەدا کە ڕەخنەی لە بابەتێکی پێش خۆی و تەنانەت بابەتێکی خۆیشی گرتووە و دژبە ئەمرێک وەستاوە، گەرای بۆ ئەمرێکی نوێتر و پێشنیارێکی تازەتر هەبووە، لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕەوتی چوار وەک" ڕەوتێکی بێ مانیفێست" بۆ ئەوەی وەک جەریانێکی ئەدەبی سەییال بمێنێتەوە، پێویستە لە بوون بە کەلان ڕەوایەتی زمانی و کەلان دیسکۆرس بوونی خۆی، بە شددت خۆی بە دوور بگرێ و لە هەمانکاتدا هەوڵی زیاتر بدات بۆ بەرجەستەکردنەوەی تەفاوەتەکان و نەگەیشتن بە خاڵی هاوبەش لە دەقدا، ئەم ڕەوتە شیعرییە بەوەی کە جەریانێکی بێ مانیفێستە ئاسان تر دەتوانێ حاڵەتی سەیرووت بوونی خۆی بپارێزێ و زیاترشاری ببێتەوە لەوەی کە ئێستا هەیە. بەم ڕەخنانەوەش پێموایە ڕەوتی چوار تا ئێستاش لە چالاکترین و پڕ دەقترین ڕەوتە کانی پانتای شیعری هاوچەرخی کوردییە.

**پرسیار:** لەم دەهەیەی داوییداجیهان تووشی گۆڕانی گەورە بووە، وەک دەوترێت تووشی سوونامییەکی سیاسی و فکری و فەلسەفی بووە، ئەم ڕووداوە ئەدەبی و نائەدەبیانە چە کاریگەرییەکیان لە سەر ڕەوتی

ئەدەبی کوردی و بە تایبەت شیعری کوردی و تایبەت تریش شیعری جیاواز هەبووە؟

**وەڵام:** وابزانم لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا لە سەر ئەم بابەتە هەندێک باسم کرد و باسی ئەو پێوەندییە دیالکتیکییەشمان کرد کە لە نێوان هونەر و ئەدەب و کۆمەڵگا لە لەلایەک و شیعر و ئەدەبیات و کۆمەڵگا و بەستێنە مێژوویی، فکریی و کۆمەڵایەتیەکان لە لایەکی تر کە وەک هۆکاری دەرەکی سەرهەڵدانی ڕەوت و قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان دەردەکەون، و کاریگەرییان دەبێ لە سەر هونەر و ئەدەب و سەرهەڵدانی ڕەوت و جەریانی نوێی ئەدەبی و هونەری، هاوکات ئەمانیش لە سەر ئەو بەستێنانە کاریگەرییان دەبێت، ڕەنگە بە نیسبەت ژانری شیعرەوە مەسەلەکە هەندێ جیاوازتر دەربکەوێ، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە شیعر بە شددت پەیوەستە بە زمان و لە ناو زماندا ڕوودەدا و(هەر ئەمەش وادەکات بیرمەندێکی وەک "هایدەگەر" لە ناخی هەموو هونەرێکدا شیعر دەبینێ و شیعرییەت بە هونەریەتی هەموو هونەرێک بزانێ و شیعر زیاتر لە هەر هونەرێکی تر بەرجەستە بکاتەوە،) هەندێ لە ژانرەکانتر و کەیسەکانتریش بە جۆرێک دەچنەوە سەرزمان، بۆیە کێبەرکێی نێوان شیعر و فەلسەفە ، شێعر و دروونناسی، و شیعر و سینەما و هاوکات پێوەندییەکانیشیان زیاتر لە سازان و تەوافوقە، پێم باشە بە هێنانەوەی وتەیەک لە "ئاگامبێن" لە کتێبی "زمان و مەرگ" دا زیاتر لە سەر ئەم بابەتە لێدوان بدەم، "ئاگامبێن" لە "زمان و مەرگدا" باس لە ڕووبەڕووبوونەوە و کێبەرکێی نێوان " شیعر و فەلسەفە" دەکات، بۆیە ئەو کێبەرکێیەی نێوان شیعر و فەلسەفەش سەر بە ئاخێزگەی زمانە و لە زماندایە ئەم تقابڵ و دژایەتییە زیاتر بەرجەستە دەبێتەوە، "ئاگامبێن" دەڵێ: دژایەتییەکی بەردەوام لە نێوان فەلسەفە و شیعردا هەبووە و ئەم دژایەتییەش جگە لە کێبەرکێیەکی سادە نیە، چونکە هەم شیعر و هەم فەلسەفەش بە دوای دەستبەرکردنی پێگەی یەکەم و دەست پێ نەگەیشتووی زمانەوەن، کە گرنگترین کەڵکەڵەی مرۆڤی ئاخێوەرە، شێعر بەوەی کە لە ناو زماندا ڕوودەدا لە هەندێ حاڵەتدا بەردەوام لە گەڵ ژانرەکانتر و زانستەکانتردا دەکەوێتە ململانێ و حاڵەتی کێبەرکێ، بەمەوە هەم شیعر و ئەدەبیات کاریگەرییان دەبێ لە سەر بەستێنەکان و

ژانرەکانتر و هەم ئەوانیش کاریگەرییان هەیە لە سەر شیعر و ئەدەبیات، بێگومان شیعری جیاواز و ئەدبی نوێیش بەدەر لەم حاڵەتە نیە، بگرە ئەمان(بە هۆی گرنگی تەواویان بە زمان و بە کارهێنانی زمان لە دەقدا وەک مەبەست نەک وەک ئەمراز و بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی ئەدەبی جیهانی ژانرە هونەرییەکان تری وەک "سینەما، شێوەکاری، فۆتۆگرافی، شانۆ، و پەیکەرسازی" و نواندنەوەیان لە دەقدا و هاوکات بەدیارخستنی رەهەندە شاراوەکانی ژیانی مرۆڤ وەک بابەتێکی دەروونناسی بە تێڕوانینێکی سایکۆلۆژییەوە) زیاتر لە ژانرەکانتر لە دیالکتیک و ململانێ و کێبەرکێدا بن.

پرسیار: هەر داهێنان و ئافراندنێکی هونەری و ئەدەبی، پێویستییەک دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی و رەنگە تەنیا حەز و خولیای داهێنەرەکەی نەبێ و سەرچاوە و ئاخێزگەی هەبێت، پێویستییەکانی سەرهەڵدانی شیعری جیاواز بۆچی دەگەڕێنیتەوە و سەرچاوە و ئاخێزگەکانی کامانەن؟

**وەڵام:** ئەگەرچی پێشتر تا رادەیەک لە سەر دیالکتیکی نێوان ئەدەب و هونەر و کۆمەڵگا یان باشتر بڵێم پێوەندیی نێوان هونەر و ئەدەب و کۆمەڵگا و بەستێنە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان باسم کرد و هاوکات باسی ئەوەشم کرد هونەر و ئەدەب جگە لەو مێژووەی کە لەگەڵ کۆمەڵگا و بەستێنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووییەکاندا هەیانە، بۆ خۆیشیان خاوەنی مێژووییەکی تایبەتن بە نێو مێژووی ئەدەب و هونەر و هونەرمەند بەدەر لەو مێژووەی کە بە شێوەی هاوبەش لە گەڵ کۆمەڵگادا هەیەتی، هەڵگری مێژوویەکی تایبەتیشە بە نێو مێژووی هونەر و ئەدەبیات، لە هەمانکاتدا هیچ دەقێکی ئەدەبی و هونەریش نابینین کە دواجار بە شێوەی رەها لە دەقی رابردوو یان ئەدەب و هونەری رابردوو دابڕابێت، تەنانەت ئەگەر بە شێوی نێوان دەقێتی بێت، هەندێک لە دەقی رابردوو یان ئەدەب و هونەری رابردوو دەگوازێتەوە نێو خۆی، هاوکات وەهاش نیە پێمان وابێت کە هونەر و ئەدەبیات باڵانوێنی واقیعی کۆمەڵگا بن. ئەگەر بەو روانگە مارکسیستییەوە بۆ هونەر و ئەدەبیات نەڕوانین و پێمان وانەبێت کە هونەر و ئەدەبیات دەقاودەق باکگراوەندێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیان

هەیە و پێویستیەکی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی بە تەواوی دەبێتە هۆکاری هەرچەشنە گۆڕان و سەرهەڵدانێک بە نیسبەت هەر چەشنە رەوت و جەریانێکی ئەدەبی و هونەرییەوە، کە ئەم بۆچوونە لە خۆیدا هەڵگری نیازێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بە نیسبەت ئەدەبیات و هونەرەوە و دەبێ هونەر و ئەدەبیات بە گشتی و بە تایبەت رەوت و رێچکە ئەدەبی و هونەرییەکان وەڵامدەری نیازێکی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی بن. ئەگەر بەم دیدەوە هونەر و ئەدەبیات بخوێنینەوە بێگومان هەموو کات دەبێ چاوەڕێی ئەوەبین کە هونەر و ئەدەبیات وەڵامدەروەی نیاز و پێویستیەکی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و سیاسی و کولتووریی بێت، ئەمەش رەفزکردنەوەی ئەو بۆچوونەی " فۆکۆ" یە دەربارەی پێوەندیی دیالکتیکی نێوان هونەر و ئەدەبیات و کۆمەڵگا و ئەو مێژووە سەربەخۆ و تایبەتەی کە هونەر و ئەدەبیات هەیانە و هەندێجار بێ گوێدان بەو بەستێنانەی کە باسکرا ژیانی تایبەت بە خۆیان دەبێ و لە کۆمەڵگای تێدەپەڕێنن. من وەک خۆم قائیل نیم بەوەی کە هونەر و ئەدەبیات وەڵامدەرەوە بن بە پرس و نیازێکی کۆمەڵایەتی یان خود مێژوویی و هتد...چونکە لە دواجاردا هونەر و ئەدەبیات وەک پاشکۆی ئایدۆلۆژیا و بەستێنەکان دەردەکەوێ و ملکەچی سیاسەت و کەلان رەوایەتە مانایی و دیسکۆرسەکان دەبێت، بەنیسبەت پێویستییەکان و هۆکارە ناوەکی و دەرەکییەکانی دەرکەوتنی شیعری جیاواز وابزانم لە وڵامی پرسیارە پێشووەکاندا باسمکرد، کە دوابەدوای گۆڕانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان کە لە نیوەی دووەم و کۆتایی حەفتاکان هاتە ئاراوە، وەک هۆکاری دەرەکی و روانین و پێناسەی جیاواز و نوێتر بۆ شیعر بە مانا " بەدیۆ" ییەکەی بەستەرێکی گونجاو (ایجاد امکانیت) یان هەمان وەزعیەتی دووەم (روخداد) بە نیسبەت شیعری جیاوازی کوردییەوە درووست بوو.

**پرسیار:** جیاواز نووسین ئەگەر پرۆسەیەکی روانینی نوێ و جیاواز نەبێت بۆ جیهان، ئەوە زمان دەبێتە شتێکی ئوتوماتیکی و بەرهەمەکەشی دەقێکی میکانیکییە، ئایا شێعری بەرەیەک کە خۆی بە ئاڵا هەڵگری جیاواز نووسین و خاوەنی داهێنانی نوێتر دەزانێ تووشی شێوازی لاساییکردنەوە نەبووە و نەکەوتوەتە بازنەی پاتەییەوەو

دەقەکان مکانیکی نەبوونەتەوە و شێعری کاڵتر و چێژبەخشی بەردەنگ نەبووەتە قوربانی هەندێ تەکنیک؟

**وەڵام:** بۆچی نا،منیش لە گەڵ ئەوەدام کە هەر چەشنە رەوتێکی ئەدەبی کە هەڵگری پێناسە و تایبەتمەندی خۆی بێ و لە هەمانکاتدا خۆی بە رەوتێکی جیاواز و ئاوانگارد بزانێ، بێگومان دەبێ بە نیسبەت ئەدەبی پێش خۆی و تەنانەت رەوتەکانی پێش خۆیشی خاوەنی زەینیەت و روانین و پێناسەی تایبەت بە خۆی بێت بۆ شێعر و ئەدەبیات، ئەمە بەدەرە لەو ئلمان و پارامێترانەی کە وەک پاکێجێکی بگرە هاوبەش خۆی تێدا دەبینێتەوە، چونکە پێموایە ئاوڕدانەوە لە رەوتێکی ئەدەبی و جەریانێکی شیعری وکورت کردنەوەی بۆ چەند ئلمان و پارامێتر لە چەشنی بۆ نموونە (ئایرۆنی و پارۆدی و پۆلی فۆنی و کایەی زمانی و هتد..) تێگەیشتنێکی کرچ و کاڵە لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو رەوتە کە لە ئەساسدا (زەینییەت و روانین و پێناسەی تایبەت بۆ شێعر و ئەدەبیات) لە جومگە سەرکییەکانی درووستبوونی ئەو رەوتە بوون، بە نیسبەت شیعری جیاوازەوە بە گشتی دەبێ بڵێم روانینی نوێتر و پێناسەی جیاواز لە شیعر و ئەدەبیات لە لایەک و لە لایەکی ترەوە لادان لە زمانی باوی شیعری و دژ وەستاندنەوەی دەسەڵاتی زمانی زاڵی کەلان رەوایەت و دیسکۆرسەکان و دەمەلاسکێ کردنەوەی تێکستە بە پیرۆزکراوەکان بە زمانی کارکردی (ئایرۆنی ، پارۆدی، ساختی فەزای پچڕپچڕ و دەبەزاندنی شیعر لە فەزای شاخ و گوندەوە بۆ شار و هاوکات بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی ئەدەبی جیهانی و شگردگەلی تایبەتی زمانی و کێشە سازکردن بۆ شیعری پێش خۆی بە روانینێکی رەخنەگرانەوە، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شیعری جیاوازی هاوچەرخی کوردی و ئەو نەسڵە شیعرییەیە کە ئێوە باسی دەکەن) ئەگەر چاوێک لە دەقە شیعرییەکانی ئەم نەسڵە بکەین (وەک خوێنەرێکی ئەکتیڤ و بەشدار لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی رەخنە وخوێندنەوەی دەقدا) نەوەک هەر تووشی لاساییکردنەوە و ئەوەی ئێوە دەڵێن دووپاتەی و مکانیکی نەبووەتەوە، بەڵکوو بە کارکردن بە دوو چەمکی " داهێنان و کەشف" و هاوکات باڵانس و هاتووچۆ لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا بە زمانێکی کارکردی لە هەوڵی کەشفی ئیمکان و ئەو زەرفیەتە زمانیەی کە پێشتر بەدیارنەکەوتووە و نەبینراوە لە

کارکردندا بووە، شیعر و ئەدەبی ئاوانگارد خوێنەری تایبەت بە خۆی هەیە و پەیداکردنی خوێنەری چالاکی دەق، خوێنەرێ کە بتوانێ لە بەرهەمێنانی رەخنە و لێکدانەوەی دەقدا رۆڵی ئەکتیڤی هەبێ، بە کاری ئەساسی ئەدەبی ئاوانگارد دەزانم و دەبێ بڵێم شیعر و ئەدەبی جیاوازی ئێمە ئەگەر چی خوێنەری تایبەت بە خۆی هەیە و خوێنەری چالاکی خۆی تا رادەیەک پەیدا کردووە، بەڵام تا ئێستاش نەیتوانیوە وەک پێویست ئاوڕ لەم بابەتە بداتەوە، کە بەردەوام وەک رەخنەیەک رووبەڕووی دەکرێتەوە، وەک خۆم پێموایە خوێنەری ئەکتیڤ و داهێنەر ، نەک خوێنەر و بەردەنگی بەرخۆر( مەسرەفی) لە دەقی تازە و تکنیکاڵ چێژی تایبەت دەبات، ئەوە بەردەنگ و خوێنەری پاسیڤ و بەرخۆرە راهاتووە بە چێژی گشتی دەق و بەردەوام چاوەڕێی ئەویترە لە مینبەرەوە راڤەی دەقی بۆ بکات و لە جێی ئەم دەق بخوێنێتەوە.

**پرسیار:** تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی شیعری جیاواز، ئەگەر بکرێ بە هێنانەوەی نموونە لە دەقە شیعرییەکان کامانەن؟

**وەڵام:** وابزانم لە وڵامی پرسیاری پێشوودا تا رادەیەک باسی ئەو تایبەتمەندییانم کرد، ئەوەندە دەڵێم هەر چەشنە رەوت و جەریانێکی ئەدەبی جیاواز بە مەبەستی پێناسەی خۆی وەک رەوت و جەریان پێویستی بە کۆمەڵێک ئلمان و پارامێتری تایبەت بە خۆی هەیە (هاوکات رەنگە هەندێ پارامێتر و ئلمانی هاوبەشیشی لە گەڵ رەوت و شیعری پێش خۆیشی هەبێت) وەک پاکێجێک هەم لە دەقدا بە نواندنیان بخات و هەم لە پێناسەکردنی خۆیدا تا رادەیەک ئاراستەیان بکات، بەدەر لەمە هەر جەریان و رەوتێک بە هەر عینوان و ناوێکەوە هەڵگری ئلمان و پارمێتری تایبەت بە خۆی نەبێت کە لەدەقدا بەدیاریان بخات، ناکرێ وەک رەوت ناو ببرێت، دیارە ئێمە هیچ رەوت و جەریانێکی ئەدەبی نابینین کە هەڵگری هەندێ تایبەتمەندیی و ئلمانی تایبەت بە خۆی نەبێ ئەگەر چی ئاساییە هەندێ خاڵی هاوبەش و ناوکۆکیشی لە گەڵ ئەدەبی پێش خۆی و رەوتی پێش خۆیشی هەبێت، بەڵام دەرئەنجام ئەوە تایبەتمەندیی و ئلمانەکان و هاوکات ئەو روانین و زەینیەت و پێناسە جیاوازەیە بە نیسبەت شیعرەوە کە خەسڵەتێکی جیاواز و سەربەخۆ دەبەخشێت بە رەوتێکی ئەدەبی، دیارە کاتێک باس

لە شیعری جیاواز یان جەریانی ئاوانگاردیسم لە شیعری هاوچەرخدا دەکەین باس لە کۆمەڵێک گۆڕان لە ساخت ، فۆرم، زمان و روانینی جیاواز و پێناسەی جیاواز بە نیسبەت شیعرەوە دەکەین کە لە نیوەی دووەم و کۆتایی حەفتاکاندا بە دەرکەوتنی کۆمەڵێک دەقی جیاواز لە کەسانێکی وەک "ئیبراهیم ئەحمەدی، رەزا عەلی پوور، ساڵە سووزەنی، شەهاب شێخی، محەممەد موەفەقی، شاهۆ مەحموودی، بەیان عەزیزی، بێهزادی، کەماڵ ئەمینی، رەووف مەحموودپوور لە شیعری هەورامیدا" لە رێگای ئەم دەقانەوە گۆمە مەندەکە شڵەقا و تووشی حەرەکەت و جووڵە هات، دەتوانم بڵێم دوو خاڵی بەرچاو و گرنک کە دەکرێ وەک دوو تایبەتمەندیی شیعری جیاواز ببینین، یەکەم دەربازکردنی شیعری نوێی کوردی لەو رۆمانتیسیزمەی کە لە سوارەوە تا سەر داکار و ساتەوەختی دەرکەوتنی رەوتی جیاواز دەرگیری بوون، دواتر روانینی نوێتر و پێناسەی جیاواز لە شیعر و لادان لە کەلان رەوایەتی زمانی و واتایی لە دەقدا و دژایەتی تەواو لە گەڵ کانتێکستی باوی زمانی ئەدەبی و ئەزموونی تازە و لادان لە فۆرمی کۆنباو و دێمۆدە و هاوکات کێشە سازکردن بۆ دیسکۆرس و کەلان رەوایەتەکان و دەمەلاسکێ کردنەوەی تێکستە بە پیرۆزکراوەکان بە زمانی پارۆدی و کارکردی و هەوڵدان بۆ (ایجاد امکانیت) و دروستکردنی بەستەرێکی گونجاو بۆ هاتنە ئارای وەزعیەتی دووەم، بە تەعبیرە "بەدیۆ" ییەکەی، دواتر ئەم وەزعیەتە لە نەسڵی "چوار" مدا خۆی دەبینێتەوە و بە بڵاوبوونەوی دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی ئەم رەوتە شیعری جیاواز تا رادەیەک تێکەڵ بە ئایتمەکانی ئاوانگاردیسمی هونەری دەبێت.

**پرسیار:** ئەم تایبەتمەندییانە تا چەند هاتوونەتە نێو دەقەکان و وەک بەشێک لە داهێنانە، یان وەک مەکیاجێک بە رووخساری شیعرەکانەوە زیادی ئەنوێنێ و دەمامکێکە بۆ دەربازبوون لە داهێنان؟

**وەڵام:** ئەگەر دیسان بمهەوێ ئاماژە بدەم بەو تایبەتمەندییانە لە پاکێجێکدا(چەند فۆرمی، شکەستی رەوایەت، فرە لەحنی، بەکارهێنانی تەسویری ئایزنشتاینی و کەڵک وەرگرتن لە تەکنیگەلی ژانرەکانیتر بە تایبەت سینەما ، فۆتۆگرافی و شێوەکاری ، ساختی نیو فەزا و فەزای

کاتکراو پچڕپچڕ، سانترالّیزەکردنی زمان لە دەقدا و ڕەهاکردنی لە تێڕوانینی ئامرازیانە ، (زمان تەوەری) بە کارهێنانی زمانی تەرکیبی لە دەقدا، بەکەرهێنانی شگردگەلی زمانی لە چەشنی " ئایرۆنی، پارۆدی، ئیرۆتیزمی زمانی، فلکلۆر، موحاورە، ئەدەبیاتی زارەکی، لێکترازان و خاپوورکردنی دیسکۆرس و کانتێکستی کەلان ڕەوایەتی زمانی و واتاییەکان و هاوکات کێشەسازکردن بۆ دیسکۆرسە کەلانەکان و پرسیاری بەڵگە نەویست لە شت و بەرجەستکردنەوەی ئلمانگەلی شار و لە هەمووی سەرتر بە عەینیکردنەوە و دابەزاندنی توپۆسی شیعر لە گوند و شاخەوە بۆ شار و دەرگیرکردنی لە گەڵ فەزای مەدەنی و شاردا) زۆربەی ئەم تایبەتمەندییانە لە دەقی شاعیرانی جیاوازدا بەدیار دەکەوێت، وەک پێشتریش باسمان کرد دەقی جیدیی و حرفەیی بە تەنیا جەخت لە سەر داهێنان ناکاتەوە، هاوکات لە گەڵ داهێناندا خەریکی کەشف و دۆزینەوەشە و لە هەمانکاتیشدا دیسانەوە لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا خەریکی باڵانس و هاتۆچۆیە، بۆ ئەوەی بە حەقیقەتی شیعری خۆی بگات، نابێت گرنگی بە لایەنێک بدات و ئەویتر ڕەها بکا، بەڵکوو دەبێ لە باڵانسدا بێ لە نێوان هەر دوو لادا، بەمەوە بەرجەستەکردنەوە و بەدیارکەوتنی ئەم تایبەتمەندییانە لە دەقدا بۆ خۆیان بەشێکن لەو دوو چەمکە و لە هەمانکاتدا ئەمرازگەلێکی گرنگن بۆ کەشف و داهێنان. ئێستا لە پەراوێزدا هەندێ شیعری تەقلیدی و مکانیکییش دەبینین کە هەوڵی ئەوەیە وەک دەقێکی جیاواز دەربکەوێ و ئەدای ئاوانگاردبوون لە خۆی دەربهێنێت ، بەڵام وەک شاملوو دەڵێ: ناکرێ ئەم دەقە تەقلیدییانە لە سەر حسابی شیعری جیاواز و ئەدەبی ئاوانگارد دابنرێ. دەقی جیدی و سەرکەوتوو پێویستی بە هات و هاوار و غەوغاسالاری و سیا لەشکەربازی نیە و بۆ خۆی ڕەخنەگر و خوێنەری حرفەیی خۆی دەدۆزێتەوە.

**پرسیار:** خاڵە جیاوازەکانی ئەم بەرەیە و خاڵە هاوبەشەکانی کە تەکنیکێکی سواو بێ و لە لایەن جیاوازنووسەکانەوە کەڵکی زۆری لێ وەربگیردرێ کامانەن؟

**وەڵام:** هەر ڕەوتێکی ئەدەبی وشیعری هەڵگری هەندێک ئایتم و پارامێتری تایبەت بە خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە ڕەوتی پێش

خۆی و ڕەوتەکانیتر، جا بۆ ئەوەی بەرەو پێش بڕوا و لە کەشف و داهێنان بەردەوام بێت، پێویستە هەڵگری دیدێکی ڕەخنەگرانە بێت بە نیسبەت خۆی و ئەدەبی پێش خۆی، ئەمەش هەمان پێوەندیی دیالکتیکییە کە دەقی ئێستا بە نیسبەت دەقی پێش خۆی هەیەتی و بەو دیدە ڕەخنەگرانەوە دەقی پێش خۆی دەخوێنێتەوە، بەمەوە ئاساییە کە هەندێ ئایتم و تایبەتمەندیی ئەدەبی پێش خۆی بە شێوەی نێوان دەقێتی بگوازێتەوە و بە تەکنیکی تازەتر و شگردگەلی تایبەت بە خۆی لە دەقدا کەڵکیان لێ وەربگرێت، لە زۆربەی دەقەکاندا ئێمە دەبینین کە بە شێوەی نێوان دەقێتی و بە زمانی ئایرۆنی و پارۆدیک لە دەقی پێش خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە، ئەو پارامێتر و تایبەتمەندییانەی کە وەک پاکێجێک لە شیعری هاوچەرخی ئێمەدا بەرچاو دەکەوێت، لە هەندێ دەقی حرفەییدا کە تەکنیک و شگردی زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و خاوەنی ئوسلووبی خۆیانن، جیاوازتر دەردەکەون و خوێنەری چالاک و حرفەیی دەق لە گەڵ خاڵە هاوبەشەکاندا زیاتر بەو تفاوتانە دەگا و دەیبینێت. ئەگەر چی لە هەندێ دەقیشدا ئێمە لە گەڵ تەساویرگەلی کلیشەیی و دێمۆدە بەرەوڕوو دەبینەوە، بەڵام بە گشتی پێموایە تەفاوتەکان و خاڵە جیاوازەکان زۆر زیاترن لە خاڵە هاوبەشەکان.

**پرسیار:** شاعیرە سەرکەوتووەکانی شیعری جیاواز کامانەن و ئەوانەش کە شوێنی شەپۆل کەوتوون و بە خاوەن داهێنانیان نازانی کامانەن؟

**وەڵام:** پێموایە خودی دەقەکان و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی ئەو دەقانە لە لایەن ڕەخنەگرانی حرفەیی و خوێنەری چالاکی دەقەوە ،باشترین پێوەربێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتە و ئەوە خوێنەری حرفەیی دەقە دیاری دەکات کام دەق لەویتر سەرکەوتووترە یان لەویتر باشتر توانیویەتی لە دەقدا ستاتیکای هونەری بەدیار بخات، هەرچەند بە پێی مێتۆدی ڕەخنەی سەردەم ئەم بڕوارده زیاتر هەڵە دەردەکەوێت، چونکە شیعر بە پێچەوانەی ژانرەکانیترەوە ماراتۆنێکی یەک کەسییە و لەو ماراتۆنەدا تەنیا لە خۆتی دەبەیتەوە، چونکە بە هۆی ئەو زەینییەت و پێناسەی کە شاعیر بە نیسبەت شیعرەوە هەیەتی و هاوکات ئەو زمان و فۆرم و شگردانەی کە بە کاریان دەبات، ناکرێ هەروا بە ئاسانی قائیل

بین بەوەی کە ئەم لەویتر شاعیرترە، ئەوە دەقەکانن بە شێوەی تایبەتی و حرفەیی بوونیان سەرکەوتوویی و لاوازیی خۆیان بە نیسبەت دەقیترەوە نیشان دەدەن. وەک پێشتر باسمکرد، لە رەوتی ئاوانگاردی شیعری هاوچەرخی ئێمەدا هەندێ دەق و کەسایەتی دەرکەوتوون و پێشتر باسم کرد، جا لەم نێوانەدا هەندێکیان تاکوو ئێستاش لە نووسینی دەق چالاکانە بەردەوامن و هەندێکیش هەر لەوە سەرەتاوە وەک شەپۆل تێکەڵ بە رەوتەکە بوون و دواتر دابڕان و پاشکەشەیان کرد.

**پرسیار:** پێت وانیە بەرەی گەنجی ئەمڕۆ- کە جیاواز دەنووسن- هاوبەشییەکی زۆر چ لە دەربڕین و چ لە زمان و فۆرمدا، لە نێوان دەقەکانیاندا دەبینرێت و نەبوونی فرە دەنگی و فرە چەشنی لە چاو شیعری ئەم دواییانەی ئێران بۆچی دەگەڕێتەوە و ئەگەر بە چاوێکی خەسارناسانەوە سەیری شیعری جیاواز/بەرەی چوار/ بکەیت، دەکرێ خەسارەکانی دەستنیشان بکەیت؟

**وەڵام:** بە داخەوە منیش پێموایە گرایشەکانی شیعر خەریکن بە خاڵی هاوبەش دەگەن و زیاتر لەوەی کە بەدوای بەدیارخستنی تەفاوت و جیاوازییەکان بن لە هەوڵی گەیشتن بە تەوافوق و خاڵی هاوبەشدان، بە هۆی ئەو پێوەندییە دیالکتیکییەی کە باسکرا هەندێ خاڵی هاوبەش لە نێوان رەوتی جیاواز و شیعری پێش خۆیدا لە گەڵ جیاوازی رووکردی ستاتیکاییدا هەیە و ئەمەش بە لای منەوە لە گەڵ ئەو جیاوازییەدا تا رادەیەک ئاساییە کاتێک بە هۆی تەسیر گرتنەوە بێت، نەوک تەقلید و هەڵگرتنەوەی دەق. چونکە ئەمەیان خەسارێکی ئێجگار گەورەیە و بە پلەی یەکەم زەربە لە کیانی شیعر دەدا جا دواتر خودی کەسەکە، کاریگەریی وەرگرتن لە دەق شتێکی نایاساییی نیە و لە زۆربەی ئەدەبی گەلاندا هەیە، بە ئەدەبی هاوچەرخی فارسەکانیشەوە، ئەگەر دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی " پەسا نیمایی" و " حەجمیەکان" یش بخوینیتەوە ئەو تەئسیر گرتنە لە یەکتر لە زۆربەی دەقەکاندا بەرچاون، کێشە لەوەدایە لە گەڵ هەندێ دەقی شیعری بەرەوڕوو دەبیتەوە، نەک بە شێوەی کاریگەریی و تەئسیر وەرگرتن لە دەقیتر، بە جۆرێک خەریکی لاسایی کردنەوە و هەڵگرتنەوەی لەحن و تەکنیک و زمانی دەقی ترە، بە تایبەت ئەم حاڵەتە زیاتر لەو نەسڵە تازە پێگەیشتوەدا

دەردەکەوێ بە هۆی کارتێکردنی زۆری دەقەکانی ئەم ڕەوتە ئەوەندە کە هەوڵ دەدەن وەک ئەویتر بچن کەمتر لەوە بیر لە جیاواز بوون دەکەنەوە شیعری جیاوازی کوردی و ئەم ڕەوتە شیعرییە بۆ ئەوەی ئاوانگارد بمێنێتەوە لە گەڵ ئەوەی کە دەبێت حاڵەتی دیالکتیک بوونی خۆی بپارێزێ لە هەمانکاتدا کە خەریکە ڕەخنە لە بابەتێکی خۆی دەگرێ و دژ بە خۆی دەوەستێتەوە، پێویستە گەرای ئەمرێکی نوێتر دابنێ و پێشنیاری تیۆریکی بۆ شیعر هەبێ و وەک ڕووداوێکی شیعریش پێداگربێت لە سەر وەزعیەتی دووەم و هەوڵبدات بۆ درووستکردنی بەستەری گونجاوتر بۆ ڕووداوی تازەتر.
ئەگەر مەبەستتان لە فرە دەنگی یان (پۆلی فۆنی) هەمان ئایتم وتایبەتمەندیی دەقی کراوەیە، کە " باختین " باسی دەکات، پێموایە شیعری جیاواز دەمێکە ئەو تایبەتمەندییەی لە دەقدا ئەزموون کردووە و زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیش لەم تایبەتمەندییە بە زۆری کەڵکیان وەرگرتووە و تەقریبەن ئێستا وەک تایبەتمەندییەکی (ئەگەر نەڵێم دێمۆدە) تازەیش باس ناکرێت، ئەگەر نا مەبەست لە فرە دەنگی و فرە چەشنی بە مانای بەرین بوون و ناسراو بوونی شیعری فارسی بێت بە نسبیەت شیعری کوردی هۆکارەکان ڕوون و ئاشکران، شیعری هاوچەرخی فارسی بێگومان خوێنەرانی چالاکی زۆرترە لە شیعری هاوچەرخی کوردی و تیراژی زۆری کتێبەکان ئەوان و تیراژی کەمی کتێبەکان ئێمەیش بەشێکی زۆری بۆ ڕێژەی خوێنەری چالاکی دەق دەگەڕێتەوە.
**پرسیار:** شیعر بە گشتی کام چاوەڕوانی مرۆڤ دێنێتە دی و چاوەڕوانی مرۆڤی کورد لە شیعر چیە کە دەوترێت لە شیعری" بەرەی چوار" دا نایبینێتەوە؟ پێت وانیە کورد هەستیارییەکی تایبەتی بۆ شیعر لە چاو ژانرەکانی تر ببێ و ئەمەش ئەرکێکی زیاتری خستبێتە ئەستۆی شیعر و خەسارێک بێت بۆ داهێنان و ئەفراندنی ئەدەبی و شاعیرانی کورد بە ترسەوە خۆی لە قەرەی داهێنان و تازەکردنەوەی شیعر بدات؟ خەسارەکانی ئەم شێوازە ڕوانینە کامانەن؟

**وەڵام:** "ئاگامبێن" لە کتێبی "زمان و مەرگ" دا باس لە دەستەواژەیەکی کەونارا دەکات بەنێو(توپیکا) بە مانای هونەری کەشفی سەرچاوەکان و پێگەی زمان، واتە هونەری پەیداکردن و دۆزینەوەی شوێنگەلێ کە

گوتاری ئینسان لە ناخیاندا ساز دەبێ و دەستپێدەکات، بەمەوە پێگە و توپۆسی شیعر لە زماندایە، شیعر لە دۆزینەوە و کەشفی ئیمکانی زمان و زەرفیەت و پوتانسیلە هێزەکییەکانی زمان لە دیکەی ژانرەکانیتر سەرترە و سەرتر دەڕوات، بۆیە کەسێکی وەک "هایدگر" لە هەناوی هەموو هونەرێکدا شیعر دەبینێ، جا لە بەر ئەمە ئەو پێگەیەی کە ئێستا مرۆڤی هاوچەرخ بۆ شیعر قائیل بووە پێشتر جۆرێکی تر بووە، جیاوازییەکان و تەفاوتەکانی ئەو روانینە کە بە نیسبەت شیعرەوە هەیە لە ئێستادا لێرەدا دەردەکەوێت، توپۆسی شیعر ئێستا لە ناو زماندایە، بەڵام پێشتر لە ناو هەموو شتێکدا بوو جگە لە خودی زمان، بەمەوە ئاساییە روانینەکان بۆ شیعر زۆر جیاوازبن، ئەگەر نیو سەدە پێش شیعر ئەو گوتارە زاڵە بوو، وەک کەلان رەوایەتێک دەیتوانی لە مینبەری کۆمەڵناسی، دروونناسی و ئایین و ئایدۆلۆژیاوە پەیڤی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگا دەکرد، ئەگەر نیو سەدە پێش "قانع" ی شاعیر لە مینبەری شیعرەوە هەم شاعیر بوو، هەم کۆمەڵناس و فیلسووف، بێگومان ئەمڕۆ شیعر ئەو هەموو نوێنەرایەتییەی پێ ناکرێ و پێگەی تایبەتی خۆی دۆزیوەتەوە و ئەویش لە ناو زماندایە،(ئەگەر چی شیعر بە شێوەی تایبەتی خۆی رەهەندە شاراوەکانی ئینسان و ژیان بەرجەستە دەکاتەوە) ، بەڵام ئەمە بەو مانا نیە لە بریتی زانست و ژانرەکانتر قسە بکات، لە بریتی کۆمەڵناسی و دروونناسی و فەلسەفە و ئایین و ئایدۆلۆژیا پەیڤی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگا بکا، شیعر لە ئێستادا پێگەی تایبەتی خۆی لە ناو زماندا دۆزیوەتەوە و چیتر ناتوانێ رەوانکاو کۆمەڵناس و فیلسووف و دکتۆر و موفتی و سەرکردە بێت، شیعر لە ناو زماندا پەیڤی خۆی ئاراستە دەکا و هەموو کایە و کەشف و داهێنانی خۆی لەو بەستێنانەدا گواستۆتەوە بۆ نێو زمان، بە مەبەستی دۆزینەوەی زەرفیەت و پوتانسیلە هێزەکییەکانی ناو زمان و لە خودی زمانەوە سەرقاڵی گەمەکان و کەشف و داهێنانەکانیەتی و ستاتیکایی خۆی لە ناو زمانەوە بەدیار دەخات، کەوابوو پێناسەکان بۆ شیعر و پێگەی شیعر زۆر گۆڕدراوە و شاعیرانی نوێخوازی هاوچەرخی کورد و رەخنەگران و خوێنەری حرفەیی شیعریش بێگومان ئەمە دەزانن و بە باشی دەرکیان پێکردووە، رەنگە شیعر ئێستاش لای زۆربەی کۆمەڵگا هەمان پێگەی یەکەمی هەبێ و ئەو هونەرە رۆمانسییە بێت کە پێگەی خۆی وەک سووژە لە

فەزای شاخ و گوند و لە دەروەی ئاڵۆزییەکانی ژیانی مودێرندا ببینێتەوە، رەنگە ئێستاش بیر لەوە بکاتەوە کە شیعر تەنیا گوتاری زاڵی کۆمەڵگا بێ و هەمان پێگەی سەردەمی "قانع" ی شاعیری هەبێت، بەمەوە من پێموایە خەسارەکان زیاتر لە شێوازی روانین و پێناسەکاندایە بۆ شیعر نەک لە خودی شیعر و پێگەی شیعردا، چیتر ئەمڕۆ شیعر نوسخە ناپێچێتەوە بۆ کۆمەڵگا و لە بریتی کۆمەڵناسی و فەلسەفە پەیڤی خۆی ئاراستە ناکات، ئەگەر شیعر ئەرکدار بکرێ ئەوە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کەشفی ئیمکانە نەبینراوەکان و زەرفیەت و پوتانسیەلە هێزەکییەکانی ناو زمانە، بۆیە من پێموایە شیعری جیاوازی ئێمە بە گشتی و بە تایبەتی رەوتی چوار لەم دوو دەهەدا بە رێژەیەکی بەرچاو مەبەستەکەیان پێکاوە.

**پرسیار:** یەکێک لە گرفتەکانی خوێنەر بە وتەی بەختیار عەلی ئەوەیە کە خوێنەری کورد لە دەقدا بە دوای ئەو شتەدا دەگەڕێ کە خۆی مەبەستیەتی، نەک ئەوەی لای شاعیرە و نووسەرەکەیە، بە واتایەکی تر بە زەینیەتی پێشترئامادەوە رووبەڕووی دەقەکان دەبێتەوە، ئەم جۆرە روانینە تا چەند لەمپەرە لە بەردەم داهێنان و نوێخوازیدا و چەقبەستن لە سەر شێوازێکی تایبەت و نەگۆڕ؟

**وەڵام:** دیارە لە کاتی خوێندەنەوی هەر دەقێکی ئەدەبیدا ئێمە لە گەڵ دوو جۆردەق و روانیندا رووبەڕوو دەبینەوە، دەقێکی فرە رەهەند، فرە مانا، کراوە و باسهەڵگر،(دەقێ کە هەڵگری چەند جۆر تەئویل و راڤە و لێکدانەوە بێت) دەقێک کە هەڵگری یەک مانا، یەک مەبەست و پەیامی سەر بە مۆر نەبێت، هاوکات دەقێکی تاک رەهەند، داخراو تاک مانا و باسهەڵنەگر و هەڵگری پەیام و مەبەستێکی دیاری کراو، بە پێی ئەم دوو جۆرە لە دەق خوێندنەوە و روانینەکان دەگۆڕدرێن، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوە دەقە خوێنەری خۆی دیاری دەکات چۆن بیخوێنێتەوە و لێکدانەوەی بۆی هەبێت، دیارە دەقی داخراو هیچ کات دەرفەتی ئەوە نادات بە خوێنەر روانینیکی هیرمنۆتیکی و راڤە تەوەری بۆی هەبێت، لێرەدا ئاساییە خوێنەری ئاسایی دەق بە دوای ئەو مەبەستەدا بگەڕێ کە بە دواییدا دەگەڕێ و بە شوێن ئەو پەیامە سەر بە مۆرەدا بێت کە نووسەر هاوێشتوویەتیە نێو دەقەکەی و بە دوای وەها خوێنەرێکدا

دەگەڕێ کە مەبەستی دیارکراوی نووسەر وەربگرێ و تەواو، پێچەوانەکەشی دەقی کراوە و فرە ڕەهەند بە دوای خوێنەری دیارکراوەوە نیە و هەوڵدەدا لە چەندین گۆشە نیگاوە بخوێنرێتەوە و چەندین تەئویل و راڤەی بۆ بکرێت، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ئاوانگارد و شیعری جیاواز سڕینەوەی مەبەستی دیارکراو پەیامی سەر بە مۆرە، وەک پێشتریش باسمکرد، خوێنەری حرفەیی دەق لە بەرهەمهێنانی دەقی کراوە و رەخنەی دەقدا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە و بە خوێندنەوەی رەخنەگرانەی خۆی پانتای دەق بەرینتر و باسهەڵگر دەکات، بەمەوە هیچکات خوێنەری چالاکی دەق بە دوای مەبەستی دیارکراو و پەیامی سەر بە مۆر و مانای تایبەتدا نەگەڕێت، بە پێچەوانەوە ئەوە خوێنەری سست و پاسیڤە لە دەقدا بە دوای ئەو مانا و مەبەستەوەیە کە چاوەڕێیەتی لە دەق و نووسەر، دیارە ئەم جۆرە خوێندنەوە خوێندنەوەیەکی بەرتەسک و تاک ڕەهەندە و زیاتر لە خوێندنەوەی دەقە داخراوەکاندا دەبینرێت، دواتریش پێموانیە کەشف و داهێنان و هەوڵدان بۆ کاری تازە و نوێ لە دەقدا گرێ درابێت بە شێوازی روانین و خوێندنەوەی دەقەوە لای خوێنەر،(هەرچەند خوێنەری حرفەیی لە بەرهەمێنانی رەخنە و بەرین کردنەوەی دەقدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت) ، بەڵام ئەمە بەو مانا نیە شاعیر و نووسەری جیدی کاری خۆی نەکات لە دەقدا و لە کەشف و داهێنان و ئەمری تازە و نوێ لە دەقدا بەردەوام نەبێت.

**پرسیار:** خوێنەر و بەردەنگی کورد بە جۆرێک لە جۆرەکان لە لای هەندێ شاعیرانی جیاواز بە ناچالاک و خاوەن زەینێکی چەقبەستوو لە سەر شیعری باو و پێوەری پێشوو ناو دەبرێت،دەکرێ جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی خوێنەری چالاک و خوێنەری کوشندە دیاری بکەیت؟ پێتوایە گرفت لە دەقی جیاوازدایە ؟ یان لای خوێنەر و بەردەنگی کورد؟

**وەڵام:** پێش ئەوەی وڵام بەم پرسیارە بدەمەوە وابزانم پێویستە لە سەر ئەم دوو چەمکە (خوێنەر و بەردەنگ) ( خواننده و مخاتەب) و پێناسەکان و جیاوزاییەکانیان بوەستین. ئەگەر تۆزێک بە هوشیارییەوە لەم چەمکانە بڕوانین، لە پرۆسەی خوێندنەوە و راڤەی دەقدا بەردەنگ

جێگایەکی ئەوتۆی نیە و تەنیا وەک خوێنەرێکی ئاسایی دەق دەخوێنێتەوە و چێژی لێ دەبات، ئەوە خوێنەرە لە راڤە و خوێندنەوەی دەقدا رۆڵی سەرەکی دەبینێت، ئەگەر مەبەست لە بەردەنگ لێرەدا خوێنەرە، ئەم وتەیەی "بەختیار عەلی" دەربارەی خوێنەری کوشندە و خوێنەری چالاک بە هەند وەردەگرین، کە(گەورەترین خەسارێ کە خوێنەری ناچالاک دەرووستی دەکا مردنی رەخنەیە یەکەم شت لە گەڵ مەرگی خوێنەری چالاکی دەقدا دەمرێ، رەخنەیە) خوێنەری حرفەیی دەق لە پرۆسەی راڤە و داهێنانی رەخنەدا رۆڵێکی ئێجگار گرنگی هەیە، ئەگەر خوێنەر چالاک بێ و لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقدا بە شداربێت، بێگومان لە داهێنانی رەخنەشدا رۆڵی گرنگ دەبینێت، خوێندنەوەی رەخنەگرانە و راڤەی دەق لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خوێنەری چالاکی دەقە، وەک چۆن خوێندنەوەی ئاسایی و رووکەشیانە و ئیجازەدان بە ئەویتر کە راڤەی دەق بکا و ئەم وەک خۆی لە پەراوێزدا بێ و وەک بەرخۆرێک دەربەکەوێت و زیاتر چاوەڕێی خوێندنەوە و راڤەی دەق بێت لە ئەویتر تەنیا وەک خوێنەرێکی ئاسایی یان ئەوەی کە بەختیار عەلی دەڵێت وەک خوێنەرێکی کوشندە و ناکارامە دەردەکەوێت، پێشتر لە وتارێکدا دەربارەی (رەخنەی ئەدەبی و خەسارەکانی) لە ژمارە ٢ و٣ ی گۆڤاری "شی" باسی ئەوەم کردووە، یەکێک لە خاڵە بەرجەستەکانی بزۆزیی هونەر و ئەدەب بوونی رەخنەی زانستی و رەخنەگری حرفەییە، بێگومان ئەمەش لای خوێنەری ئەکتیڤی دەقە و ئەوەخوێنەری چالاکی دەقە بە خوێندنەوی رەخنەگرانە و زانستی خۆی دەتوانێت هەم رەخنەی زانستی و جیدیی بەرهەم بهێنێ و هەمیش رەخنەگری حرفەیی ، لە سێ کوچکەی (دەق، رەخنە، خوێنەر) دا خوێنەر وەک واسیتەیەک لە نێوان دەق و رەخنەدا دەردەکەوێت، بۆیە هیچکات ئێمە لە خوێندنەوەیەکی ئاسایی و رووکشانە و بە دوور لە راڤە و لێکدانەوەیەکی هێرمنۆتیکانەی دەقدا رەخنەی زانستی و حرفەیی نابینین و بگرە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی غیابی رەخنەی زانستی بە نیسبەت شیعرەوە دەگەڕێتەوە بۆ غیابی خوێنەری چالاکی دەق، خوێنەرێ کە دەتوانێ راڤە و شیکاری دەق بکا و رەخنەی زانستی بەرهەمبهێنێت. بۆیە من پێموایە لە غیابی خوێنەری چالاکی دەقدا رەخنەی جیدی و زانستی بەرهەم نایەت، بە

نیسبەت دەقی جیاوازەوە دەبێ بڵێم خوێنەری حرفەیی و چالاکی دەق نەک هەر تەنیا لە پەراوێزدا نیە بەڵکوو بەشدارێکی گرنگی پانتایی دەق و بەرینتر کردنەوەی دەقی جیاوازە، هەرچەند ئەوەش بڵێم بە داخەوە رەخنەی ئەدەبی جیاواز و دەقی جیاوازیش بە هەمان وەزعیەتی خودی شیعر خەریکە تووشی مەسڵەحەت گەرێتی و دەستە وتاقم بازی دەبێت، ئەمەش خەسار و گرفتە بە نیسبەت شیعر و ئەدەبیاتەوە، بۆیە من پێموایە گرفت لای دەقی جیاواز و ئاوانگارد نیە، نووسەر و شاعیری جیدیی کاری خۆی دەکا و لە کەشف و داهێنان بەردەوامە و چاوەڕێی خوێنەر ناکات، زۆربەی کارەکانی نیچە پاش خۆی ئاوڕی جیدییان لێ درایەوە و خوێندرانەوە، خوێنەر دەبێت ئاستی ئاگایی و تێگەیشتنی خۆی بە نیسبەت دەقی جیاواز و ئەدەبی ئاوانگارد بباتە سەرەوە و خۆی پێبگەیەنێت.

**پرسیار:** غاییبوونی رەخنەگر لە سێ کوچکەی "دەق، رەخنە، خوێنەر" دا چ خەسارێکی بۆ شیعری کوردی و بە تایبەت بۆ شیعری جیاواز هەبووە؟

**وەڵام :** لە پرسیاری پێشوودا بە وردی باسی ئەمەم کرد، تەنیا ئەوەندە دەڵێم رەخنەی ئەدەبی پێویستە بە پێی تیۆرە ئەدەبیی و رەخنەییەکانی سەردەم بێتە ئاراوە، نەک بە سەلیقە و پیاهەڵدان، بە داخەوە رەخنەی ئەدەبی کوردی تا کوو ئێستاش پێگەی شیاوی خۆی بە پێی تیۆری رەخنەی سەردەم نەدۆزیوەتەوە، لە بەر ئەوەیە نووسەرانی ئەدەبی جیاواز زۆر جار لە غیابی رەخنەگری جیدی و حرفەییدا ناچار خۆیان هاتوونەتە نێو ئەم کەیسە و زیاتر خۆیان لە سەر کارەکانیان دەنووسن، ئەڵبەت تا رادەیەکیش وەک رەخنەگر باش دەرکەوتوون.

**پرسیار:** شیعری ئێرانی دەیەی حەفتاکان لە سەر دەستی هەندێ شاعیر وەک "مێهرداد فەللاح، عەلی عەبدوورەزایی، رەزا چایچی، حافز مووسەوی، و دواتر عەلی باباچاهی" شیعری پاش نیمایی تووشی گۆڕان هات، ئەو گۆڕانانە تاکوو چەندکاریگەرییان لە سەر شیعری جیاوازی کوردی هەبووە؟ هەموو بزاڤ و رەوتێکی داهێنەرانە لە ئەدەب و هونەردا خاوەنی باکگراوەندێکن و لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی وهونەریدا سەرهەڵدەدەن، کامەن ئەو بەستێنە کۆمەڵایەتی و

هونەرییانەی بوون بە هۆی سەرهەڵدانی شێوازێک لە شیعر کە جیاوازترە لە شیعری باو و پێوەری کورد؟

**وەڵام:** شیعری جیاوزای کوردی پاش سەرهەڵدانی گۆڕانە سیاسی و فکری و ئەدەبییەکان لە ئێراندا بە گشتی کەوتە بەر ئەو شەپۆلە گۆڕانکارییانە و لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی تەرجەمە و تازەکردنەوەی شیعری فارسی و پاش"نیمایی" و حەجمیەکاندا( ئەو شاعیرانەی کە ناوتان هێنان بە تایبەت عەلی باباچاهی) تا رادەیەکی زۆر خۆی نوێکردەوە، ئەڵبەت ئەمە شتێکی نائاسایی نیە و بە پێی تیۆرە ئەدەبییەکانی سەردەم ئەو کارتێکردن و کاریگەریی وەرگرتنە لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێکیتر و هەروەها لە جەریانێکی ئەدەبی و شیعرییەوە بۆ بزاڤێکیتر بوونی هەیە، هەروا کە دەبینین هەندێک لە ئلمان و پارامێتر و پێشنیارە تیۆریکەکانی شیعری ئاوانگاردی کوردی لە رێگای شاعیران و نووسەرانەوە گواستراونەتەوە نێو شیعری هاوچەرخی فارسی و بە ئیستلاح شیعری "فەراسپید" رەوتی جیاوازی شیعری ئێمەش لە ژێر ئەو کارتێکردن و کاریگەرییانەدا تووشی وەرچەرخان و گۆڕانی هەمە لایەنە بوو، بە تایبەت لە رووی فۆرم و زمان و بە کارهێنانی تەکنیکی نوێی ئەدەبی جیهانی لە دەقدا و دەرگای ئاوەڵا کرد بەرووی هاتنە ژوورەوەی عونسۆرەکانی ئاوانگاردیسم بۆ ناو شیعری هاوچەرخ ، سەبارەت بە باکگراوەند و ئەو بەستێنانەی کە باستان کرد و هاوکات ئەو پێوەندییە دیالکتیکیەی کە هونەر و ئەدەب لە گەڵ کۆمەڵگا و بەستێنە کۆمەڵایەتی، مێژووییەکاندا هەیەتی، پێشتر بە وردی باسمان کرد و وانازانم لێرە پێویست بە دووپاتە کردنەوەیان بێت.

**پرسیار:** داهاتووی شیعری کوردی بە گشتی و شیعری بەرەی چوار بە تایبەتی چۆن دەبینی و ئەو بەرەیە خاوەنی چ پێشنیارگەلێکە بۆ شیعری کوردی؟

**وەڵام:** ئەم پرسیارە رەنگە لای من بابەتێکی سەلبی پەیوەست بە نادیاربوونی ئایندەی شیعر بە گشتی و بە تایبەتی شیعری هاوچەرخی کوردی و تایبەت تریش رەوتی چوار، وەربگرێت بۆیە من ئایندەی پێشکەوتن و روو لە گەشەی شیعری هاوچەرخی کوردی گرێدەدەمەوە بە چەند شتەوە،

یەکەم: دیارە بە پێی ئەوەی کە شیعر بەردەوام لە هەوڵی بەدیارخستنی ڕەهەندە شاراوەکانی ژیان و مرۆڤدایە، لە هەر سات و ئانێکدا هەوڵدەدا ئایندەیەکی پێشکەوتوو مسۆگەر بکات بۆ خۆی، نووسین و بڵاوکردنەوەی دەقی باش و حرفەیی تەنیا گەرەنتی دەستبەرکردنی ئایندەیەکی روو لە گەشە و پێشکەوتووی شیعرە بە شیعری کوردیشەوە،( بۆیە من پێموایە تەنیا شیعرە جیدی و حرفەییەکان دەتوانن شیعر و ئەدەبیاتی ئێمە تێکەڵ بە فەزای یۆنیڤرساڵی ئەدەبی بکەن) ئەمەش بە مانای نەبوونی کتێبی شیعر نیە، بە پێچەوانەوە ئەوەندە کە لە بەستێنی شیعردا و لە یەک دەهەی رابردوودا کتێبخانەی کوردی کتێبی شیعری بە خۆیەوە بینیوە، رەنگە نیو ئەوەندە لە بەستێنەکانیتردا چالاک نەبووە، بەڵام دیارە ئەمەش بە مانای پێشکەوتن و رەوتی گەشەکردنی ئەو بەستێنە نیە و لەم نێوانەدا کەمتر دەقی جیدی و حرفەیی بەرچاو دەکەوێت، بۆیە نووسەران دەبێ زیاتر لە ئێستا چالاک بن و لە بەستێنی کەشف و داهێنان و باڵانسی نێوان ئەم دوو حاڵەتە لە هاتۆچۆدا بن و دەق تەولید بکەن،

دووەم: شێعری هاوچەرخی ئێمە ئەوەندە کە بە دوای خاڵە هاوبەشەکانیەتی دەبێ زیاتر لە هەوڵی بەرجەستەکردنەوەی خاڵە ناکۆک و متفاوتەکانیا بێ و هەر ئەمەش وادەکات کە شیعر و رەخنەی شیعر کەمتر تووشی مەسڵەحەت گەرێتی و سازان و رێکەوتن ببێت.

رەوتی چوار وەک پێشتر باسمکرد، لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا بیچم گرتنی وەک رەوتێکی ئەدەبی هەڵگری هەندێک پێشنیاری تیۆریی و شیعریی بووە بۆ ناو پانتای شیعری هاوچەرخی کوردی و بەو تایبەتمەندیی و پارامێترانەشی کە باسکرا وەک شیعری "زمان" شیعری "ناشوێن" شیعری "شار" و شیعری سەیروورەتخواز و ....... هاوکات بەو دەقگەلەیش کە تاکوو ئێستا بڵاوی کردۆتەوە، وەک شیعرێکی فرە رەهەند و جیاوازتر دەرکەوتووە، ئەڵبەت رەوتی چواریش دەبێ زیاتر لە ئێستا تێکەڵ بە فەزای واقعی شار ببێ، بەو جۆرەی کە "مارشاڵ بێرمەن" باسی دەکات، ژینکردنی ژیانی شار، بە هەموو دیاردە لێکدژ و ئاڵۆز و ناکۆکییەکانیەوە، بە تەواوی جومگە ترافیکیەکانیەوە، لە گەڵ ئەوەشدا رەوتی چوار پێویستە خۆی ببوێرێ لە دیسکۆرسە کەلانەکان و

دووپاتکردنەوەی هەندێ دیسکۆرسیتر کە خەریکە ببنە قاڵبێکی پێشنیارکراوی شیعری.

ئەم وتوێژە لە " زنجیرە کتێبی فەرهەنگی و ئەدەبی " های " تایبەت بە ڕەوتی شیعری نوێ ساڵی یەکەم ١٣٩٩ ژمارەی ١ بڵاوبوەتەوە.